www.kurdistannet.org
14/02/2002 23:37

# ئاکامە زیانبارەکانی " کۆچ کردنی ئابوری" لەسەرخەباتی نێونەتەوەیی کرێکاران

تایەر صالّح شەریف

ئەمڕۆ وولاّتانی سەرمایەداری ئیمپریالستی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی زیاتر و دیاریکراوتر وولاّتانی ئەوروپا، لەگەلّ شەپۆلێکی بەرفراوان لە( کۆچکەرانی ئابووری ) وولاّتانی سەرمایەداری دواکەوتووی ناسراو بە < جیهانی سێیەم> و وولاّتانی ئۆردوگای بەناو سۆشیالستی پێشوتر بەرەو ڕووبوونەوەی، کە سەرەڕای هەموو ئامادەکاری و پەیڕەو کردنێکی ئەمنی توند و تیژ لەسەر سنوورەکانیان و تەنانەت دانانی یاسای دژی پەنابەرێتی، بەلاّم تا ئێستا دەبینین کەنەیان توانیووە بەر بەو شەپۆلە مرۆییە بگرن کە لەوولاّتانی ئاسیایی، ئەفریقایی، ئەمریکای‌لاتین و وولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ئەورووپاوە بەڕوویاندا هاتووە، کاتێك مرۆڤ دەڕوانێتە دیمەنی تراژیدیای< کۆچکەرانی ئابوری> وولاّتانی هەژار نشین و دواکەوتوو، هەمان ئەورووپای سەدەی شانزەهەم و سەدەکانی دواتری بەبیردێتەوە کە بەهۆی زوبروزەنگی پێداویستیەکانی کەلّەکەی سەرەتایی سەرمایەوە ملیۆنەها جوتیاری دەست کوّتا کراوی لادێ نشینەکان بەرەو شارەکانی لەندەن، مانچێسترو پاریس. . . تاد، کۆچیان دەکردو لەپێناوی دابێن کردنی ژیانێکی مەمرەو مەژی‌دا ئامادە بوون مل بەهەموو جۆرە کارێك بدەن و زۆرترین وزەی خۆیان لە دژوارترین و درێژماوەترین کاردا بەکاربەرن. . ئێستاش دەبینین کە مێژوو جارێکی دیکە خۆی دووبارە کردۆتەوە؛ بەلاّم ئەمجارەیان نەك بەشێوە تراژیدیایی‌یەکەی، بەلّکو بەشێوە کۆمیدیایی‌یەکەی. . . ئەگەر دوێنیّ لەژێ سێبەری شۆڕشی پیشەسازی و ئامێری هەلّمی‌دا شەقامەکانی لەندەن و. . تەنها سەرپەناو جێگای حەوانەوەی جوتیارو وردەبەرهەمهێنەری مالّ بەکوّلّ بوو، ئەوا ئەمڕۆ لەژێر سایەی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکاندا لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا، دەبینین کە< کۆچکەرانی ئابووری> ئاسیایی، ئەفریقایی و ئەوروپای ڕۆژهەلاّت بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە خراونەتە کەمپە دوور دەستەکان و ئەو کەمپە سەربازیانەی کە وەحشیگەری نازی‌یەکان دەرهەق مرۆڤایەتی بەیادمان دەهێنێتەوە، یاخود لەسەر شەقامەکانی لەندەن، بۆن، ئەمستردام و. . دا لەپێناوی دابێن کردنی بژێوی خۆیان وکۆکردنەوەی چەند سەد دۆلارێکدا تا بینێرنەوە بۆ خزم و کەسیان لە وولاّتی خۆیاندا، ئامادەن مل بەهەرجۆرە کارێك بدەن. . بەڕاستی ئەم دیمەنە دیمەنێکی تراژیدی‌یە، بەلاّم نابێت ڕەوانگەو ڕێگا چارەی مارکسیستی لەبەرانبەر ئەم دیمەنە تراژیدی‌یەدا لەڕووی سۆزو بەزەیی و نەتەوە پەرستی کوێرانەوە، یاخود لەڕەوانگەی ئۆمانستی( مرۆڤ دۆستی )یەوە دابڕێژرێت و بهێنرێتە گۆڕێ، بەلّکو دەبێت لەڕەوانگەیەکی مارکسیستی و ئەنتەرناسیونالستیەوە هەلّوێستی لەسەر وەربگیرێت و هۆیەکان و ئاکامە جۆراوجۆرەکانی ڕوودانی ئەم دیمەنە تراژیدیایە شی‌بکرێتەوە کەسەرمایەداری هاوچەرخ خستویەتە بەرچاومان. مەبەستی سەرەکی ئەم ووتارە خستنە ڕووی چوار چێوەیەکی گشتی ڕەوانگەی

تایبەتی خۆمە بەرانبەر ئەم دیاریدەیەو هەڵوێستەیەکە لە بەرانبەریدا، کە هەوڵ دەدەم لە ئایندەدا بەشێوەیەکی دیاریکراوتر لایەن و کاریگەرییە جۆراوجۆرەاکانی ئەم دیاریدەیە بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوەی زیاتر.

## قەیرانی ئابوری ئیمپریالیزم هۆی سەرەکی " کۆچکردنی ئابوری"یە!

(تیۆری قەیرانی ئابوری) مارکس و (تیۆری ئیمپریالیزم)ی لینین زانستیترین تیۆرییەکن کە بەپشت بەستن بەوانە دەکرێت کێشەی(کۆچکردنی ئابوری) ئەمڕۆی لەبناغەیی ترین و ئەبستراك ترین ئاستی خۆیدا پێ ڕوون بکرێتەوە. بێگومان ئەم ووتارە مەبەستی ئەوەنییە کەشی کردنەوەیەکی دیاریکراوو هەمەلایەنە لەسەر پرۆسەی دەست پێ کردنی قەیرانی ئابوری سەرمایەداری هاوچەرخ بەدەستەوە بدات، چونکە چوونە ناوباسێکی لەمجۆرە لەتوانایوتارێکی کورتی ئەوها بەدەرەو پێویستی بەئامادەبونێکی تیۆری زیاترە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی من لەگەڕانەوەیەکی خێراو تیژپەڕدا بۆسەر تیۆری قەیرانی ئابوری مارکس و تیۆری ئیمپریالیزمەکەی لینین ئەوەیە کە بیسەلمێنین خودی قەیرانی ئابوری سەرمایەداری ئیمپریالیستیە کە دیمەنی تراژیدیای( کۆچ کردنی ئابوری) هێناوەتە سەر شانۆی نمایش کردنەوەی لەئاستی نێونەتەوەییدا.

مارکس(قەیرانی ئابوری) شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە چوارچێوەی زیادبوونی پێکهاتی ئۆرگانێکی سەرمایە(سەرمایەی نەگۆڕ+سەرمایەی گۆڕاو)دا دەبینێتەوەو ئەو زیاد بونەیش لەڕەوتی دووبارە بونەوەو بەردەوام بوونی خۆیدا بەناچاری یاسای دابەزینی ڕێژەی قازانج لەگشت سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا دەهێنێتە کایەوە. ئەم پرۆسەیە، واتە دابەزینی ڕێژەی قازانج لەگشت سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەگەڵ قەیرانێکی ئابوری هەمەگیردا بەرەو ڕوودەکاتەوە، کە ئەم ڕژێمە بۆ دەربازبوون لە قەیرانە ئابورییەکەی دوو ڕێگا دەگرێتە بەر: یەکەم، هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار، کە خۆی لە کەم کردنەوەی کرێ، زیاد کردنی کاتی کار، بێکاری، هێرش بۆسەر بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و تاد. . دەبینێتەوە. دووەم، دەست پێکردنی پرۆسەی پاڵاوتنی دەرونی سەرمایە، کە خۆی لەهێرش و پەلاماری سەرمایە گەورەکان بۆسەر سەرمایە بچوکەکان و تێکشکاندنیاندا دەبینێتەوە. هەروەها لینینیش چەند سەرنج و تێبینییەکی دیکە بۆ تیۆری قەیرانە ئابورییەکەی مارکس زیاد دەکات و دەگاتە ئەو بڕوایەی قەیرانی ئابوری ڕژێمی سەرمایەداری شەڕی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیە گەورەکان لەسەر داگیرکردن و دابەشکردنەوەی سەر زەمینە دوور دەستەکان و ناوەندەکانی ساغ کردنەوەی کاڵاکانیان لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا دەهێنێتە کایەوە، یاخود ئەو وولاتانە قەیرانە ئابووریەکەیان دەگوازنەوە بۆ ئەو وولاتانەی کە لەباری ئابوری، سیاسی و دیبلۆماسییەوە پابەندو وابەستەن بەوولاتانی ئیمپریالیستیەوە. . . ئەمە پوختەیەك بوو لە تێڕوانینی مارکس و لینین بۆ قەیرانی ئابوری سەرمایەداریو کە ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر جیهانی ئیمپریالیستی پاش جەنگی جیهانی دووەمدا هاتووەو بەتایبەت لەساڵانی حەفتا بۆ سەرەوە ڕاستی و زانستی بوونی ئەو دەسەلمێنێت.

حەفتاكانـی سـەدەی بیسـتەم، دەیـەی دەسـت پێكردنـی پرۆسـەی ڕكـود و قەیرانـی ئابوری‌یـە لەشـێوەی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری وولاٌتانی پیشەسازی پێشكەوتوودا. ئەم پرۆسەیە لەسالآنی هەشتاو نەوەدەكانی سـەدەی بیستەمدا تـوندو تیژتر بـووەو تـا ئەمڕۆش كـە پێمان خستووەتە یەكـەمین سـاڵەكانی دەیـەی یەكەمی سەدەی بیست ویەكەم لە چوارچێوەیەكی فراوانترو جیهانی تردا درێژەی كێشاوە.

قەیرانـی ئابـوری سـەرمایەداری ئیمپریالیستی لەدەیـەی حەفتـای سـەدەی ڕابـردوودا، كـە دەكـرێت لەهـەزاران دیـاردەی ئابـوری، كۆمەلآیەتی و سیاسی ئەم شێوە بەرهەمهێنانەدا ببینـرێت، ئاكـام و سـەنتی تێـزی ئـەو گەشـە كـردنە ئابـوری و ژێـرخانی‌یە بـوو كـە پـاش جەنگـی جیهانـی دووەم و بـۆ سـەردەمێكی كـورت مـاوە وولآتـانی ئیمپریالیستی ڕۆژئـاوا بەخۆیانەوە بینیـان. چـوونە سـەری پێكهاتی ئۆرگانێكـی سـەرمایە لەچوارچێوەی شـێوە بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری ئیمپریالیسـتی‌دا گـۆڕا بەشۆڕشـی تەكنۆلۆجـیای زانـیاری، كـە ئاكامەكـەی پەرەگرتنی بێكاری و هێرش كردنی بۆرژوای ئیمپریالیستی بوو بۆسەر ژیان و ڕەفاهی چینی كرێكاری ڕۆژئاواو لەم ڕەوەندەشدا پێویست نەبوونی هێزی كـاری بیانی، هاوكاتی ئەوانـەش گواستنەوەی قەیـرانە ئابوری‌یەكەیان بۆ وولآتانی سـەرمایەداری وابەستەو دواكەوتـووی ناسراو بە جیهانی سێ‌یەم و وولآتانی بلۆكی بەناو سۆشیالستی پێشتری ئەوروپـای ڕۆژهـەلآت، كە ئەمـەش هـاورای خۆی جەنگو ئاوارەیی، بێكاری و هەژاری، گرانی و لـەخوارەوە بوونی ئاستی ژیانی كۆمەلآیەتی و سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا لەوولآتانی ناوبراودا. لەوولآتانی سەرمایەداری وابەسـتەو دواكەوتـوودا، بەشـێكی بەرفـراوان لـە تـوێژە جۆراوجـۆرە كۆمەلآیەتی‌یەكان( بەتایبەتـی تـوێژی ووردە بۆرژوازی تێك شكاوو تەكنۆكراتەكان ) بۆ خۆ دەربازكردن لە بارودۆخێكی ئابوری، كۆمەلآیەتی و سیاسی نالەبار كە ئیمپریالیزمی جیهانی بۆی خـولقاندوون، بەناچـاری و بـۆ درێـژەدان بـە ژیانیـان ڕێگـای كۆچكردنیان بـەرەو وولآتانی سـەرمایەداری ڕۆژئـاوا گرتە بەرو ناچار بوون كە هێزی كاریان لە بازاڕی كاری ڕۆژئاوادا بفرۆشن، ئەمە لەچوارچێوەی بـارودۆخ و ڕەووەنـدێك دایە كە خـودی بـازاڕی كاری ئەوروپاش توانای ئیستعاب كردنی ئەو هێزی كـارە كۆچـكردووەی نی‌یـە. . بـەم شـێوەیە دەبیـنین كـە خـودی ئیمپریالیزمـی ڕۆژئـاوا و قەیـرانە ئابوری‌یەكەی خولقێنەری كێشەی (كۆچ كردنی ئابوری )یە لەسەرانسەری جیهاندا.

## (كۆچكەرانی ئابوری )و زیادبوونی كێشەیەكی دوو جەمسەرە لەبەردەمی وولآتانی ئیمپریالیستیدا

ماوەیەكی زۆرە كە وولآتـانی ئیمپریالیستی ڕۆژئـاوا لەگـەڵ گیروگرفتی دەسـتەو كۆمەڵە مافیا نەتەوەیی‌یەكانی مـاددە بێهۆشكەرەكاندا بـەرەو ڕووبوونەتەوە كە ئەو دەستەو كۆمەلآنە نەك هەر قەلاچۆنەكراون، بەڵكو لەدەیەی هەشتای سـەدەی ڕابـردووەوە ئەو تۆڕانە فراوانترو بەهێزتر بوون. لەپاڵ ئەو گیروگرفتەدا، گیروگرفتێكی دیكە لەدوو دەیـەو نیـوی سـەدەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی وولآتانی ڕۆژئاوایی بـووەتەوە، ئـەویش بازرگانی كردنی مافیا نوێ‌یە نێونەتەوەیی‌یەكانە بەمرۆڤەوە. بازرگانی كردن و قاچاخچێتی كردنی تۆڕە مافیا نێونەتەوەیی‌یەكان بەگیان و ژیانی مرۆڤی( كۆچكەر)ەوە خەریكە دەبێتەمەیدان و بازاڕێكی قازانجهێنەرتر لە بازاڕو بازرگانی كردن بە ماددە

بێهۆشکەرەکان. لەوەش گرنگتر، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ناچارو ئۆتۆماتیك ئەم دوو کێشەیە( بازگانی بەمادده بێهۆشکەرەکان و بازگانی مرۆڤ) لێك هەڵپێکراون و بوونەتە کێشەیەکی دوو جەمسەرە لەبەردەم وولاتانی ڕۆژئاوایی‌دا؛ لەسەرێکەوە باندە مافیایی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانی بازرگانی مرۆڤ، بازاڕی کاری ئەوروپا و ڕۆژئاوایان پڕکردووە لەهێزی کاری (کۆچکەرانی ئابوری) بیانی و لەسەرێکی دیکەیشەوە فراوانتر بوونەوەی زیاتری کاری بازرگانی بەمادده بێ هۆشکەرەکانەوە.

هەروەك لەپێشەوە ووتمان، بازاڕی کاری ئەوروپا توانای وەرگرتن و بەکارخستنی( هێزی کاری) بیانی نەماوە، کە ئەمەش بووەتە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ تۆڕە مافیایی‌یەکان کە بەشێوەیەکی خراپ کەڵك لە هێزی کاری بیانیەکان وەربگرن و لە بازاڕی بازرگانی بە مادده بێ هۆشکەرەکان و تەنانەت بازاڕی سێکسی و لەش فرۆشیش دا کەڵکی لێ وەربگرن. ئەمەش بەو مانایەیە کە تا ئەو کاتەی ڕەوەندی بازرگانی کردن بە مرۆڤی کۆچکەری جیهانی سێ‌یەمی‌یەوە بەردەوام و خێراتر بێت، ئەوا بازرگانی کردنیش بەمادده بێ هۆشکەرەکانەوە گورو تەوژمێکی بەهێزتر بەخۆیەوە دەبینێت و بەم هۆیەشەوە وولاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ گیروگرفتی نا ئارامی زیاتردا بەرەوڕوو دەبنەوەو ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی دوو جەمسەرە ئاسایشی ناوخۆیان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو مەترسی گەشەکردنی هەرچی زیاتری ڕاسیزم باڵ دەکێشێت بەسەریاندا.

## (کۆچ کردنی ئابوری)و مەترسی گەشە کردنی زیاتری ڕاسیزم لە ڕۆژئاوادا

لەدەیەی پەنجاو شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کە وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەجەنگی ماڵوێرانکەری دووەمی جیهانی هاتبونە دەرەوەو دەبوایە سەر لەنوێ وولاتەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، لەو کاتەدا لەگەڵ گیروگرفتی کەم بوونی( هێزی کار)دا بەرەو ڕوو بوونەوە و پێویستیان بە(هێزی کاری بیانی) هەبوو. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی‌یە لەبازاڕی هێزی کاریان دا، ناچار بوون کە ڕێکەوتننامەی ساڵی(١٩٥١)ی جنێفی نەتەوە یەکگرتووەکان قبوڵ بکەن. بە پێی ڕێکەتننامەکەی جنێف، بڕیاری وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گیانیان لەژێر هەڕەشەی مەرگ، یان ئەشکەنجەو ئازاردایە بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی، نەتەوەیی، سێکسی، بیروباوەڕی سیاسی و بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی‌یەکاندا، بەهۆی جیاوازی ئاینی‌یەوە.

وولاتانی ڕۆژئاوایی کە لە دەیەی پەنجا بە دواوە و تەنانەت تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەگەرمی‌یەکی بێ وێنەوە پیشتیوانیان لە پەیماننامەکەی جنێف دەکرد، بەڵام دەبینین و بە دەیان بەڵگەی زیندوو دەتوانرێن بسەلمێنرێت کە ئەو وولاتانە لە کۆتایی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووەوە ئیتردەیانەوێت بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ساڵی (١٩٥١)ی جنێف پشت گوێ بخەن و لە جێ بە جێ کردنی پاشەگەز ببنەوە و

تەنانەت مافی پەنابەرێتی سیاسی بەوکەسانەش نەدەن کە لە دەرەوەی ڕەوەندي "کۆچ کردنی ئابوری"دا خۆیان دەبیننەوە و بە هۆی بیروباوەری سیاسی و فکری یانەوە گیانیان لە مەترسیدایە.

ئەگەر زیاتر لە چارەکە سەدەیەك وولاٚتانی ڕۆژئاوایی بوو بوونە سەرپەنایەکی ئارام بۆ ئەو پەنابەرانەی کە بە هۆی زولٚم و ستەمی سیاسی، فکری، دینی، ڕەگەزی و نەتەوەیی یەوە لە وولاٚتانی خۆیان ئاوارە دەکران، ئەوا ئەمڕۆ دەبینین کە ئەم سەرپەنایەش بە هۆی گەشەکردنی و سەرهەلٚدانەوەی دووبارەی دژی مرۆیی فاشیزمەوە خەریکە دەبێتەوە بەفری بەرخۆر و ناوەندێکی نائارام بۆ پەنابەرانی وولاٚتانی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و وولاٚتانی سەربەکامپی سۆڤیەتی پێشوو. بیروباوەڕ و سیاسەتی فاشیستی، کە ئەمڕۆ سەرلەنوێ لە وولاٚتانی روژئاوایی‌دا سەری هەلٚداوەتەوە و خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەیە، بیروباوەڕ و سیاسەت و ڕێگا چارەی بورژوازی ئەزمەگرتووی ڕۆژئاوایە لە بەرانبەر بارودوخێکی ئابووری قەیران گرتوودا کە ئەمڕۆ دەکەوێتە دوژمنایەتی کردن و سەرکوت کردنی (کوچ کەرانی ئابووری) وولاٚتانی هەژارنشین و سبەینێیش دەکەوێتە دوژمنایتی کردنی هەموو بەها و پرەنسیبە مرۆیی‌یەکانی رۆژئاوایی‌یەکان و گشت مرۆڤایەتی‌یەوە.

ئەم بیر و ڕا دژی مروڤایەتی‌یە ئێستا ئیتر لە رۆژئاوادا زمینەی گەشەکردن و پەرەسەندنی لە ڕووی بابەتی‌یەوە بۆ ڕەخساوە کە لە ڕوویەکەوە بۆرژوازی قەیران گرتووی وولاٚتانی رۆژئاوایی بە شێوە و ڕێگای جۆراوجۆر مەیدان بۆ بزووتنەوە ڕاسیستی‌یەکان ئاوەلاٚ دەکەن و لە لایەکی دیکەیشەوە بەردەوام بوونی پروسەی (کۆچ کردنی ئابووری) وولاٚتانی هەژارنشین بەرەو رۆژئاوا، مەیلی کۆبوونەوە لە دەوری ئامانج و سیاسەتەکانی بزووتنەوە و گروپە ڕاسیستی‌یەکان لە ناوخەلٚکی ئەوروپادا ڕووە و بە هێز بردن پالٚ پێوە ناوە، کە ڕۆچوونی مەیلی فاشیزم بۆ ناوخۆی بزووتنەوەی کرێکاری ڕۆژئاوایش زەمینەی بابەتی بۆ فەراهەم بووە بە هۆی بێکاری‌یەکەوە کە ئێستا لە وولاٚتانی ڕۆژئاوادا لە گۆڕێدایە. . بۆرژوازی ڕاستی ئەوروپایش ئەم دیاریدەیەی کردۆتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی مەیلی فاشیستی لەناوخۆی چینی کرێکار و گشتی خەلٚکی ئەوروپادا. بێگومان لە بار و دۆخیکی قەیران گرتووی لەوجۆرەدا کە ئێستا وولاٚتاتی ئیمپریالیستی رۆژئاوای پیادا تێپەڕ دەبێت و هاوکاتی ئەوەش بەردەوام بوونی ڕەوەندی خەباتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار لە هەر سەردەمێکی‌تر بەهێزتر خۆی دەنوێنیت، ئەمە جگە لەوەی کە فاشیزمی خلیسکاو دەرفەتی خۆگرتنەوە و هەستانەوە و خۆڕێکخستنەوەی لەبار و دوخێکی جیهانی نوێ و گۆڕاودا بە دەست هێناوەتەوە بۆ ئەنجام دان و خۆلقاندنی کارەساتی تراژیدی و دژی مرۆیی هەم لە ئاستی ڕۆژئاوا و هەم لە ئاستی جیهانی‌دا. . . کە وایە دەبێت چی بکرێت؟

"کۆچ کردنی ئابوری" و دوو رێگاچارەی جیاواز

هەروەك لە پێشەوە ئاماژەم پیٚکرد، "کۆچ کردنی ئابوری" ئاکام و سەنتی‌تێزی قەیرانی ئابوری سەرمایەداری ئیمپریالیستی و ئیمپریالیزمی جیهانی‌یە. دەولٚەتانی ئیمپریالیستی بەرپرسن لە ڕوودانی ئەم تراژیدیا مرۆیی‌یە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، بەلاٚم بەم حالٚەشەوە بۆرژوازی ئیمپریالیستی رۆژئاوا بە دواي رێگاچارەی خۆی‌دا

دەگرێت بۆ چارەسەری ئەم گیر و گرفتە کە ئێستا ئێخەی خۆیشی گرتەوەتەوە، ڕێگاچارەکانی بۆرژوای ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا ڕوون و ئاشکران؛ دەرکردنی یاسای توندوتیژی پەنابەری، ئیجرائاتی ئەمنی توند و تیژ لە سەر سنورەکان، دیپۆرتی "کۆچکەراني ئابوری" بۆ وولاّتەکانیان، دانی مافی پەنابەری کاتی، بەهێزکردنی ڕاسیزم، دەرنگوەلاّم دانەوە بە خواستی پەنابەرانی ئابوری، دانانیان لە کامپە دووردەستەکان و تاد. . . بەلاّم هەروەك ئێستا بینوومانە ئەوانە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بەر بە هەلّچوونی شەپۆلی "کۆچکەرانی ئابوری" وولاّتانی هەژارنشین بگرن، ڕەنگە شەپۆلەکە خاوبکەنەوە، بەلاّم ناتوانن بەری پێ بگرن. لە لایکی تریشەوە هەژاری، جەنگو برسیەتی، ئیستیبدادی سیاسی و بێکاری و تاد. . . لە ولاّتانی سەرمایەداری وابەستە بە ئیمپریالیزم دا دریژەی هەیە و بورژوازی وابەستە بە ئیمپریالیزم نایەوێت و ناتوانێت هیچ جۆرە ڕیفۆرمێکی ئابوری، سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەنجام بدان، چونکە ئەنجامدانی ڕیفورمی ئابوری و سیاسی لە ولاّتانی سەرمایەداری وابەستەدا لە بارودۆخی جیهانی ئێستادا تەبانیە لەگەلّ بەرژەوەندیە جۆرواجۆرەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیدا کە ئەمەش لە باری بابەتیەوە بە مانای بەردەوام بوونی ڕەوەندی "کۆچکردنی ئابوری" یە بەرەو ولاّتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا. . . بەلاّم ئایا " کۆچکردنی ئابوری" ڕێگا چارەیەکە بۆچارەسەر کردنی هەژاری و بێکاری‌یەك کە ئێستا لە ولاّتانی سەرمایەداری وابەستەدا هەیە؟ دەبێت مارکسیستەکان لە سەر ئەم تراژیدیا مرۆییە‌یە چ جۆرە هەلّوێستێك وەربگرن؟. . . لەگەلّ ئەوەدا کە خودی سەرمایەداری وابەستە بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا خولقێنەری ئەم تراژیدیا مرۆیی‌یەن لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەلاّم هەرگیز نابێت ڕابەرانی مارکسیستی چینی کرێکار لە ڕەوانگەی تەسکی ناسیونالیستی یا خود ئومانیستی‌یەوە هەلّوێست لە سەر ئەم تر اژیدیا مرۆیی‌یەوە وەر بگرن. جێگای داخە کە مارکسیستەکانی وولاّتانی سەرمایەداری وابەستە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێگای "کۆچکردنی ئابوری" توێژە کۆمەلاّیەتی‌یە جۆراجۆرەکانی وولاّتەکانیان بەڕێگا چارەسەرێك دەزانن بۆ دەربازبوونیان لە دەرد و مەینەت و گیروگرفتە ئابوری و کۆمەلاّیەتی‌یەکان و بە شێوەی جۆراوجۆر تەئیدی ئەم بە ناو "ڕێگاچارە" یەدەکەن. بۆچی لە سەر ئەم گیروگرفتە و ئاکامە زیانبارەکانی بێ دەنگەیان کردووە و لەم ڕووەوە بەکردەوە دژی بەرژەوەندی‌یە نێونەتەوەیەکانی چینی کرێکار دەوەستنەوە؟ بۆ ڕاشکاوی ئەوەیان نی‌یە کە ئاکامە زیانیارەکانی پرۆسەیەکی ترسناکی لە و جۆرە لە سەرخەباتی ناوخۆیی ڕوون بکەنەوە؟. . . یا خود بۆچی دەبێت مارکسی‌یەکانی پێشکەوتووترین وولاّتەکانی دنیای ئەمرۆ لە بەرانبەر وەحشیگەری‌یەکانی دەولّەتانی ئیمپریالیستی خۆیان دەرهەق بە مرۆڤی کرێکار و خەلّکی هەژاری وولاّتانی ناسراو بە جیهانی سێیەم ڕێگای بێ دەنگە کردن هەلّ بژێرن؟ بۆچی دەبێت ئەو ڕاشکاوی‌یەیان نەبێت ئاکامە زیانبار و دژی مرۆیی‌یەکانی گەمارۆی ئابوری، دەست وەردانیان لە کێشە جۆراجۆرە ناوچەیی‌یەکان و گەورە کردنەوەی ئەوانە تا ڕادەی جەنگە خۆیناوی‌یەکان، یا خود وەرگرتنەوەی قەرزە سەر سوڕهێنەرەکانیان بەزیادەوە لە حکومەتە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیەم و کاریگەری ئەو قەرزانە لەسەر هەژارتر کردنی خەلّکەکانیان ڕوون بکەنەوە؟. . . بەهەر حالّ، بە بڕوای من ئەوە هەرگیز ڕێگاچارە نی‌یە کە تەئیدی ڕەوەندی

"كۆچ كردنی ئابوری" وولاّتانی هەژارنشین بكرێت بەرەو وولاّتانی دەولّەمەندی ڕۆژئاوا. هەركەسێك ئەو پرۆسەی كۆچ كردنەی ئێستا تەئید بكات دژ بە بەرژەوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەكانی چینی كرێكارە، یا خود ئەوانەی لە ڕۆژئاوادا پروپاگاندەی ماركسیست بوون و سوشیالیست بوونی خۆیان دەكەن، بەلاّم لە بەرانبەر وەحشی گەری‌یەكانی حكومەتە ئیمپریالیستی‌یەكانیان دا بێدەنگەیان كردەوەو بەشێوەی جۆراوجۆر تەئیدی‌وەحشی گەری‌یەكانی حكەمەتە ئیمپریالیسی‌یەكانیان دەكەن كە دەرهەق بەخەلّكی كرێكارو زەحمەتكێشی وولاّتانی جیهانی سیٚیەم دەدەن، بەكردەوە هەژارتر بوونی وولاّتانی جیهانی سیٚیەمیان قبولّە و پالّپشتی سیاسەتە كۆنەكانی ئیمپریالیزم دەكەن. . . ئەوەی كە هێلّێكی ماركسیستی و ئینتەرناسیونالیستی لە سیاسەت و بەرنامە دژی مرۆیی‌یەكانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی و بۆرژوازی دیكتاتۆری وابەستە بە ئیمپریالیزم جیادەكاتەوە، ئەوەیە كە جەختی لە سەر ڕێگاچارەیەكی ئینتەرتاسیونالیستی‌دەكات لە بەرانبەر ئەم تراژیدیا مرۆیی‌یەدا كە ئەو ڕێگاچارەیەش بە بروای من بریتی‌یەلە:

١- پێكهێنانی "كۆمیتەیەكی نێونەتەوەیی" لە ماركسیستی، سوشیالیست، سەندیكالیست و هەموو ئەو ڕۆشنبیرە مروڤ دۆستانەی كە دژی ئەم تراژیدیا مرۆیی‌یەن تا لە ڕێگای ئەم میكانیزمەوە بتوانرێت ڕای گشتی ڕۆژئاوا بەرە و دەرد و مەینەتەكانی وولاّتانی جیهانی سیٚیەم ڕاكێشرێت و گوشارێكی فراوان بخرێتە سەر دەولّەتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا بۆ دەست كێشانەوەیان لە وێران كردنی ژێرخانی ئابوری وولاّتانی جیهانی سیٚیەم.

٢- هاندانی جەماوەری چەوساوە لە وولاّتانی سەرمایەداری وابەستە بەرانبەر بە حكومەتە فەرمانرەواكان بۆ جیٚبەجیٚ كردنی ڕیفۆرمی ئابوری، سیاسی و كۆمەلاّیەتی لە و وولاّتانەدا كەهەم ئەو كۆمیتەیە دەتوانێت ڕۆلّی كاریگەر بگێرێت و هەم ژورنالیستە ئازادی خوازەكانی جیهانی سیٚیەم لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا ڕۆلّی خۆیان بگێڕن.

٣- گەڕانەوە یا خود نیشتە جیٚ بوون "كۆچ كەرانی ئابوری" لە وولاّتانی ڕۆژئاوادا بە پیٚی پێداویستی‌یەكانی بازاڕی هێزی كاری وولاّتانی ڕۆژئاوایی و لە چوارچێوەی هاتنەكایەی بارودۆخێكی ئابوری لە بار و گونجاودا دەبێت لە وولاّتی خۆیاندا. جیٚبە جیٚ كردن و پراكتیزە كردنی ئەو ڕێگاچارەنەی سەرەوە هەرچەندەكاری چڕوپڕی دەوێت و پێویستی بەكات هەیە بەلاّم لە قالبی مەحالدا نین و لە دنیای ئەمڕۆدا كە جیهانی گەورە لە بەردەم شۆڕشی تەكنەلۆجیای زانیاری‌دا بووەتە لادیٚیەكی بچووك، توانای بەدیهاتنی هەیە بەلاّم بەو مەرجەی كە ڕابەرانی ڕاستەقینەی چینی كرێكار ڕاستگۆیانە لە سەر ئەو خالاّنەی كە دەست نیشانم كردن كار و هیمەت بكەن.

- )

-